رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:43 5-7-2007

# پرسی کەرکوک لەنێوپرۆسەیەکی دەستوری و ئیدارە دانێکی پاشاگەرادانی بی وێنەدا.. مستەفا قایتەوەنی

کوردی ناتۆرلەکەرکوك – تکریت
شارەزالەپەیوەندی پارێزگاکان.

دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق پیش بینی هاتنە کایەوەی دەسەڵاتێك دەکرا کە بتوانێت لەماوەیەکی زۆرکەمی پێوانەیدا، بارووددۆخەکە بەئاراستەیەکی زۆرسەحراویدا بگورێت و نەهامەتی (35) سی و پێنج ساڵەی خەڵکی ناوچەکە لەبیرگەلانی عێراق بباتەوە تائێرە و بەس ئەو پێش بینی و تیروانینانە بوو کەخەڵك و رۆشنبیران و بەرپرسانی سیاسی و تەنانەت چادوێرانیش وای بۆی دەچون.




دوای پێك هێنانی ئیدارەو دروست بوونی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دامەزراندنەوەی ئیدارەیەکی نوێی فیفتی بەفیفتی لەنێوان چین و پێك هاتەکانی پارێزگای کەرکوك پێش بینی دەکرا کە ژیانی خەڵکی ئەم پارێزگایە بەئاڕاستە یەکی زۆر سەیری خۆشگوزەرانیدا و لەکەنارێکی یەکجار سحاراویدا ئارام بگرێتەوە، بەڵام دور لە هەموو ئەمانە پارێزگای کەرکوك لەماوەی چوار ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیەوە بەرەو ئاقارێکی وون بوون و تەمووومژاوی سەری هەڵگرتووە ئەمەش بەدیدی من و چاودێرانی سیاسی ئەم بەهەڵدێربردنەی کەرکوك و خەڵکەکەی چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە دەکرێت زۆر ووردترلەوەی کەدەگووترێت و سیاسیانەو هەندێکیش بیری ئەکادیمی و پسپۆریەتی پێویستە کەدەتوانین تۆزێکی لی بدوێین، هەر لەسەرەتاوە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لەسەر ئەساسێکی زۆر هەڵە بنیات نراو دروست بوونی ململانێی تایفی و نەتەوەی لێکەوتەوە بەدابەشکردنی ئەنجوومەنی کەرکوك بۆسەرهەر چوار نەتەوەکەی کەرکوکە خۆی لە بنەڕتدا ئەمە چەقی کۆکراوەی گرفتەکانە، من شۆفینی نیم کە دەسەڵات تەنها بەدەست کوردەوە بێت بەڵام دوای ڕژاندنی خوێنی هەزاران کورد بەدەستی خۆمان کەرکوك و کێشەکەیمان لە دەستی خۆمان وەدەرناو ڕازی بوین کەبێگانە و خەڵکی دیکە ناوبژیوانمان بێت بۆچارەسەرکردنی هەندێك ئەزمەی ناوخۆی کە قابیلی چارەسەریەکی زۆر ساکارانە بوو دەکرا بەلەوەی پرسی کەرکوك و ناوچەکانی هاوشێوەی و بەتایبەتیش کەرکوك ببرێتە ناوباس و خواسی ئەنجوومەنی حووکم و دەستووری کاتی و هەمیشەیەوە چەند ئیجرایەك بکرایە وەك دەرکردنی بڕیارێکی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس کەئەویش بریتی بوولەگەڕاندنەوەی قەزاو ناحیەدابڕاوەکان لەیەکەی ئیداری کەرکوك بۆسەر جوگرافیای دروستی کەرکوك و چاککردنەوەی چەندشارێکی دیکەی عێراقی کەدیموگرافیاکەی گۆڕانی بەسەرداهاتبوو ئەوکات پرسەکە ببوایەتە یاساش وەك ئەوەی کەئێستاهەیە مەترسی نەبوو چونکە کوردمسۆگەری زۆرینەی دەنگەکانی لەرِیفراندۆمدا وەدەست دەهێنا بەڵام ئێستا ئێمەی کورد نەتوانیومانە مادده دەستوریەکە تەکانیەك پی بدەین وەنە خیارێکی دیکەمان هەیە وەك ئەنتەناتیڤ، ئەگەر مرۆڤ تۆزێك واقیع بێت ئەوەی یەك هەفتە نزیکی و تەماسی هەبێت لەگەڵ دام و دەزگاکانی پارێزگای کەرکوك هەست بەبوونی پاشاگەردانیەکی بی وێنە دەکات چونکە ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جۆرەكاركردنەی كەهەیە لەدام و دەزگاكانی ئیداری و خزمەتگوزاری پارێزگای كەركوك نەسیستەمە نە سیاسەت و وەنەعەقڵی ئیداری لەپشتەوەیە من مەبەستم نیە لەرۆڵی هیچ لایەك كەم بكەمەوە بەڵكوو تشیك بخەینە سەر ڕاستیەكان و بەشەفافیانە باس لەكەم و كورتیەكا نمان بكەین و هەندێكیش خەڵك و جەماوەر لەڕووداوەكان ئاگاداربببنەوە ئەو مەبلەغەی كەخەرج كراوەچ لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاوحكوومەتی هەرێم بەهەردووئیدارەوحكوومەتی فیدڕاڵی بەغداشەوە بی كەجێگای هیچ پرۆژەیەك دیارنیە بەشێكە لەو پاشاگەردانیە و بێگوومانیش سوود وەرگیراوە لەبارووودۆخەی كەئێستا لەئارادایە ئەمەی كەمن نوسیوومە تەنها قسە نیە بەڵكوو خوێندنەوەی منە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی هێزەكانی فرەنەژادو ئەمریكا كەهەیانەو من بینیوومە، ئینجا سەرەڕای ئەو بەربەرەكانیە بەردەوامەی كەلەناو ئیدارەی كەركوك دات هەیە وەك ئەو پەیوەندیانەی نێوان سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای كەركوك و پارێزگارو تادەگاتە ئەو فەرمانبەرانەی كەلەدام و دەزگاكاندا هەیە ئەمەش هۆكارەكەی زیاتر ئەو بەربەرەكانی یە حزبیە تەسكە تۆخەیە كەلەپارێزگای كەركوكدا هەیە كەئەمە زەینەی بۆدروست بوونی پاشاگەردانیەكە دروستكردووە، بۆیە ماوەی چوارساڵە ژمارەیەك كادر ئەركی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتیان لەدەستە لەلایەك بۆشایەكی گەورەی فەسادی ئیداری دروست بووە لەلایەكی دیكەشەوە بەشێك مەترسی تیرۆریش لەو لاوە بووەستێت كەگیانی زۆربەی بەرپرسەكانی كردۆتە مەترسیەوە بۆیە وەك ئامازەمان بۆكرد لەسەرەوە گۆڕنكاری بنەڕەتی و تەشكیلەسیەكی ئیداری و سیاسی و سەربازی و پۆلیسی نوی بۆكەركوك زۆر زەروریەو ڕەنگە قۆناغەكەش هەر وابخوازێت وتەكانێكیش بێت بەئاڕاستەی باش بوونی خزمەتگووزاری و دەریبازبوون و سەركەوتنی پارێزگای كەركوك لە پرۆسەدەساتوریەكان و زاڵبونیش بەسەر ئەو پاشاگەردانیەی كەهەیە.... .... .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.